## هۆشداریێك بۆ دەستەلاتی پارتی دیموكراتی كوردستان لەبارەی ئەشكەنجەی هەڕەشەكردن لە دكتۆر كەمال !

**راگەیاندنی ژمارە _ 25_**

بلاوكراوەی ئاسۆ ژمارە 196 بەرواری 28 / 2 / 2006 چاوپێكەتنێكی ڕاستەخۆی لەگەل دكتۆر كەمال سەید قادر ئەنجامداوە گوزارشت لە دۆخێكی زۆر مەترسی داری دكتۆر كەمال دەكات، كە ئەنجامەكەی هەرچی یەك بێت ئیمە رایدەگەیەنین كە دەسەلاتی پارتی دیموكراتی كوردستان لیٚ ی بەرپرسیارە !

دكتۆر كەمال لەو چاوپێكەوتنەدا ڕاشكاوانە ئاماژە بەمامەڵەیەكی لەڕادەبەر نائینسانی دەزگاكانی ئاسایشی پارتی دەكات كە چۆن لەماوەی زیندانكردنەكەیدا چەندجار ئەشكەنجە دراوەو تەنانەت كار بەوە گەشتووە كە چەند جارێك لەلایەن ئەفسەرو پلەدارانی ئاسایشەوە هەڕەشەی كوشتنی لیٚ بكرێت. لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە دكتۆر كەمال ڕایگەیاند كە سەرباری بەردەوام بوونی لەمانگرتن لەخواردن هەروەها لە زیندانا تووشی ( جۆرێك ڤایرۆس بووە كە خەریكە دەبێتە هۆی كوێر بوونی چاوەكانی ).

ئێمە لێرەدا وەك كەمپەینی ئازادی بۆ دكتۆر كەمال سەید قادر سەرباری بە توندی ئیدانە كردنی هەرجۆرە ئەزیەت و ئازارو ئەشكەنجەدانێكی دكتۆر كەمال لەلایەن هێزەكانی ئاسایش و هەروەها هەرجۆرە هەڕەشەو گوڕەشەو سوكایەتی كردنێك بە دكتۆر كەمال بە توندی ئیدانە دەكەین ودەسەلاتی پارتی لە هەر باریكەوە بەبەرپرس دەزانین لە سلاومەتی گیان و ژیانی دكتۆر كەمال !

بۆیە لەمبارەوە داوا دەكەین كە هاوپیچ لەگەل بەهەند وەرگرتنی هەلویستەكانی دكتۆر كەمال لەو چاوپیكەوتنەدا ، هاوكات بەدواچون و لێكۆلینەوە لەسەر ئەم چەند خاڵە بكرێت :

- لێپرسینەوە بە دواچوون بكریٚ لە پەیوەند بە هەڕەشەو گوڕەشە كردنی ئەفسەور لێپسراوانی دەسەلات و ئاسایشی هەولیرو توندترین سزاو لێپرسراوانیك بدریت كەوا بەوشێوە نا ئینسانی و نا شارستانی یە مامەڵە لەگەڵ دكتۆر كەمال دەكەن و ئەشكەنجەو ئازاری دەدەن .
- هەروەها لێكولینەوە لەسەر ئەو ئەفسەرو پلەدارانە بكریٚ كە لە ڕێگەی هەڕەشەو گوڕەشەكردنەوە وویستوویانە دكتۆر كەمال بیٚ دەنگ بكەن.
- هەروەها داوا دەكەین كە ڕیگە بدریت خاجی سوور سەرپەرشتی باری تەندروستی دكتۆر كەمال بكات و بە وردی لێكولێنەوە لەباری تەندروستی دكتۆر كەمال بكرێت و بەدواچوون و لێكۆلینەوەیان هەبێت لە هۆكاری تووش بوونی دكتۆر كەمال بەو ڤایرۆسەو وە بە توندترین شێوە ئیجرائات بكریت لەبەرامبەر بە مەترسی یەك كە لەباری تەندروستی یەوە ژیانی دكتۆر كەمال دەخاتە مەترسی یەوە .

ئێمە جارێكی تریش بانگەوازی هەموو حزب و ڕێكخراو لایەنە سیاسی و پیشەو ئینسان دۆستەكان دەكەین كەبە توندی ئیدانەی هەرجۆرە مامەلەیەكی ناشارستانی دەزگاكانی ئاسایشی پارتی دیموكراتی كوردستان بكەن و خوازیاری ئازادیی بیٚ بەندو مەرجی دكتۆر كەمال سەید قادر بن !

كەمپەینی ئازادی بۆ دكتۆر كەمال سەید قادر كۆمیتەی سەرپەشتیار

2006 / 2 / 29

## دادگایی کردنەکەی بۆ پێنج شەممەی داهاتوو داوخرا

# د. کەمال سەید قادر: ئاسایش هەڕەشەی کوشتنم لێدەکەن

هەولێر ، یشدا مستەفا :
د.کەمال سەید قادر رایگەیاند کە دەستگیرکردنی لەلایەن ئاسایشی هەولێرەوە یاسایی نییەو مەسەلەیەکی تایبەتە.

وتیشی کە ئاسایش هەڕەشەی کوشتنی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆی لێدەکەن و لەکاتی لێکۆڵینەوەدا دووچاری ئەشکەنجەو لێدان بۆتەوە.

رۆژی یەکشەممەی رابردوو لەهەولێر پرۆسەی دادگایی کردنی د.کەمال سەید قادر بەڕێوەچوو، سەرەتا دادوەر دەقی سکاڵای پارێزگاری هەولێرو دەزگای پاراستنی پارتی خوێندەوە کە لەدژی د.کەمال تۆمار کراوە، دواتر دوو بابەتی نوسراوی د.کەمالی خوێندەوە کە لەسایتەکانی ئینتەرنێتدا بڵاوکراونەتەوە.

پاشان لەسەر داوای پارێزەری د. کەمال بۆ روونکردنەوەی کاتو شوێنی بڵاوبوونەوەی وتارەکان دادگایی کردنەکە دواخرا بۆ رۆژی پێنج شەممەی داهاتوو.

لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ ئاسۆ، د.کەمال سەید قادر لەبەندیخانەی ئاسایشی هەولێرەوە رایگەیاند کە بەردەوامە لەمانگرتن لەخواردن تاکو ئەو کاتەی ئازاد دەکرێ، وتیشی "تووشی ڤایرۆسێك بووم کە خەریکە دەبێتە هۆی کوێربوونی چاوەکانم".

هەروەك ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لەلایەن ئەفسەرانی ئاسایشەوە هەڕەشەی کوشتنی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی لێکراوە، سەرەڕای هەڕەشەی گواستنەوەی بۆ بەندیخانەی (محەتە) لەهەولێر. "ئەفسەرێکی پایەبەرز هەڕەشەی ئەوەم لێدەکات ئەگەر بێدەنگ نەبم یان دەمکوژن یان دەمگوازنەوە بۆ بەندیخانەی محەتە".

وتیشی: دەتوانم بە بەڵگەوە بیسەلمێنم کە "لەکاتی لێکۆڵینەوەدا دووچاری لێدان و ئەشکەنجە بوومەتەوەو دوای ئازادکردنم سکاڵا لەدژی ئاسایش و دادوەری ئاسایش تۆمار دەکەم".

لەبارەی ئەو نوسینانەی پێی تۆمەتبار کراوە، د.کەمال رایگەیاند کە "ئەوە بوختانە بە من دەکرێ کە جنێوم داوەو زۆربەیان تەزویرکراون و داوای لیژنەی لێکۆڵینەوەم کردووە".

وتیشی دەستگیرکردنی من "یاسایی نییەو شتێکی تایبەتییەو چەند لێپرسراوێکی پایە بەرز منیان گرتووەو تا ئەوان نەڵێن ئازادی بکەن ئازاد ناکرێم".

## یاداشتێك دەدەنە پە

# مامۆستایا

قەڵادزێ ، رێبوار خدر :
مامۆستایانی قەڵادزێ داوای زیادکردنی مووچە دەکەن و مۆڵەتی دە رۆژ دەدەنە پەرلەمان بۆ جێبەجێ کردنی داواکەیان.

چەند رۆژێکە لەقەڵادزێ